گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1883
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 04/09/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 01/10/2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/06/2025

# تەنزی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستاندا(١٩٢٠-١٩٥٠)

**کاروان سلیم قیطران[1] - محمددلێر ئەمین محمد[2]**

karwan.saleem@uor.edu.krd- Hamadler.muhammed@univsul.edu.iq

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

تەنز وەک کەرەستەیەکی گرنگی ئەدەب، بریتییە لە گاڵتەکردن بە دزێویەکانی ژیان لە قاڵبی ژانرێکی ئەدەبیدا، تەنزی کۆمەڵایەتیش کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە، بریتییە لە ڕەخنەگرتنێکی گاڵتە ئامێزی هەمو ئەو کار و کردەوە کۆمەڵایەتییە خوار و خێچانەی کە لە کۆمەڵدا هەن، لەپێناوی درکپێکردنیان و هەوڵی چاککردنیان، ئەم جۆرە تەنزە بەشێکی گرنگی ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستانی نێوان ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٥٠) پێکدەهێنێت. شاعیران و نوسەران لەپێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵی کوردیی لەم قۆناغەدا ڕەخنەی توندیان لەو دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتیانە و ئەو دابونەریتە کۆن و خراپانە گرتوە و وەکو کۆمەڵناسێکی شارەزا خستویانەتە بەر نەشتەری تەنز، لەپیناو تیمارکردنیان.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (تەنزی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستاندا(١٩٢٠-١٩٥٠))یە، لە دو بەش پێکهاتوە، لە بەشی یەکەمدا بە دو تەوەر باسی چەمک و پێناسەی تەنز و مێژوی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی کراوە، بەشی دوەمیش بەسەر دو تەوەردا دابەشکراوە کە تێیدا باسی جۆرەکانی تەنزکراوە لەڕوی ناوەڕۆکەوە و دواتر تەنزی کۆمەڵایەتی باسکراوە لە ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستاندا(١٩٢٠ - ١٩٥٠). بە چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتوە.

**کلیلە وشەکان:** تەنز، جۆرەکانی تەنز، تەنزی کۆمەڵایەتیی، ڕۆژنامەنوسیی کوردیی

# Social Satire in the Southern Kurdistan Journalism 1920-1950

**Karwan Saleem Qaitaran[1] - Muhammad dler Amin Muhammad[2]**

[1]Kurdish Department, College of Education, Raperin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish, College of Language, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Satire as an important aspect of literature is about mocking and criticizing the follies of the society and people through a literary genre. Social satire, as the subject of this research, is a witty criticism based on the flaws of the society; its goal is to drive social change. Social satire was an essential part of the southern Kurdistan journalism during the (1920-1950). Poets, writers at the period used it to criticize the vices of the Kurdish society for changing and developing their society.

The present research is entitled (Social Satire in the Southern Kurdistan Journalism 1920-1950). It is composed of two chapters. The first chapter, in two sections, discusses the concept of satire, its definition, and the history of Kurdish journalism. The second chapter is divided into two sections as well. The first section discusses satire and its types in terms of content. The second section is devoted to the social satire in the southern Kurdistan journalism 1920-1950. The research ends with the results and the list of the references consulted for the study.

**Keywords:** Satire, Types of Satire, Social Satire, Kurdish Journalism

## پێشەکی

تەنز وەک کەرەستەیەکی گرنگی ئەدەب، بریتییە لە گاڵتە کردن بە دزێویەکانی ژیان لە قاڵبی ژانرێکی ئەدەبیدا، تەنزی کۆمەڵایەتیش کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە، بریتییە لە ڕەخنەگرتنێکی گاڵتە ئامێزی هەمو ئەو کار و کردەوە کۆمەڵایەتییە خواروخێچانەی کە لە کۆمەڵدا هەن، لەپێناوی درکپێکردنیان و هەوڵی چاککردنیان، ئەم جۆرە تەنزە بەشێکی گرنگی ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستانی نێوان ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٥٠) پێکدەهێنێت. شاعیران و نوسەران لەپێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵی کوردیی لەم قۆناغەدا ڕەخنەی توندیان لەو دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتیانە و ئەو دابونەریتە کۆن و خراپانە گرتوە و وەکو کۆمەڵناسێکی شارەزا خستویاننە بەر نەشتەری تەنز، لەپیناو تیمارکردنیان.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە: لێکۆڵینەوەیە لە تەنزی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامەنوسی باشوری کوردستانی نێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٧٠)، وەکو پێویستییەک لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا.

**گرفتی توێژینەوەکە:** کەمیی بەشێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ئەم قۆناغە و خراپی و سەختی ڕێنوسیان.

**سنوری تویژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکەمان لەڕوی زەمەنەوە لەنێوان ساڵانی( ١٩٢٠ – ١٩٥ )یە، لەڕوی جوگرافیاشەوە ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستانە.

**میتۆدی تویژینەوەکە:** لە توێژینەوەکەماندا (میتۆدی وەسفی شیکاریی)مان بەکارهێناوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** لەدو بەشدا هەوڵمانداوە بابەتەکە بیخەینەڕو، بەشی یەکەم کە بە ناونیشانی (چەمک و پێناسەی تەنز و کورتەیەک لە بارەی مێژوی ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستان)ە، لە دو تەوەر پێکهاتوە، بەشی دوەممان کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە بەناونیشانی (جۆرەکانی تەنز و تەنزی کۆمەڵایەتیی لە ڕۆژنامەنوسی باشوری کوردستاندا( ١٩٢٠- ١٩٥٠ )یە، لە دو تەوەردا باسکردوە، بە چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان کۆتاییمان بە توێژینەوەکەمان هێناوە.

## بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی تەنز و کورتەیەک لە بارەی مێژوی ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستان:

### تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوە و پێناسەی تەنز:

#### - چەمک و زاراوەی تەنز لە زمانی کوردیدا:

کە باسی زاراوەی تەنز دەکرێت هێندە بەگوێ ئاشنایە و بەربڵاوە، هەمو کەس لێی تێدەگات، بەڵام لەڕوی ئەکادیمییەوە بابەتەکە جیاوازە، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین بۆ زیاتر شارەزابون بە زاراوەی تەنز فەرهەنگە بەناوبانگەکانی زمانی کوردیی و عەرەبیی و فارسیی و ئینگلیزیی بپشکنین و بزانین لەهەر یەک لەو زمانانە چۆن باسکراوە و ڕەهەندە واتاییەکانیان لە گرنگترین ئەو فەرهەنگانە چییە.

### ١- زاراوەی تەنز لە زمانی کوردیدا:

لەڕێگەی فەرهەنگە بەناوبانگەکانی زمانی کوردییەوە هەوڵدەدەین بزانین ڕەهەندە واتاییەکانی زاراوەی تەنز چین و چۆن باسی زاراوەی تەنز کراوە.

لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا (تەوزە و حەنەک و قسەی گاڵتە)(هەژار: ١٣٦٩ هـ.ش: ١٧٠ ) بەرانبەر بە زاراوەی (تەنز) بەکارهاتوە.

لە (فەرهەنگی دانشگای کوردستان)دا بەرانبەر زاراوەی (تەنز) (تەوز و حەنەک، ئەوەی لایەنگەلی ناڕاست، نەگونجاو یان نارەوای دیاردەیەک بەشێوەی گاڵتەوگەپ دەنوێنێ، بۆنمونە وتاری تەنز، نمایشی تەنز) (ماجد مەردۆخ ڕۆحانی: ١٣٨٨هـ.ش : ٩٣٨)باسکراوە.

عەلی نانەوازادە لە (فەرهەنگی هەرمان)دا دەربارەی زاراوەی تەنز دەڵێت: (جۆرە چیرۆک و داستانێکی کورتە کە بەشێوەیەکی پێکەنینی باسی مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا) (عەلی نانەوا زادە:٢٠٠٥:٤٢٣).

لە (فەرهەنگی خاڵ) دا زاراوەی (تەنز) نەهاتوە، بەڵام ئەگەر وشەی (تەوزە) و (حەنەک) کە لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە و دانشگای کوردستان بۆ واتای تەنز بەکارهاتون بکەین بە پیوانە، دەبێت بڵێین کە وشەی (تەوزە و حەنەک)ی بەم شێوەیە بەکارهێناوە: (تەوزە و تەوزەپێکردن، بەواتای گاڵتە و گاڵتەپێکردن)(شێخ محمدی خاڵ: ٢٠٠٥:١١٣) یان (حەنەک) واتا: (گاڵتەوگەپ) (هەمان سەرچاوە : ١٥٢ ).

### ٢- زاراوەی تەنز لە زمانی فارسیدا:

زاراوەی تەنز لە زمانی فارسیدا بە (طنز) دەنوسریت و لە فەرهەنگە فارسییە بەناوبانگەکان باسی کراوە. هەرچەندە زاراوەکە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی عەرەبییە و لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە واتای گاڵتە و گاڵتەپێکردن هاتوە، بەڵام لەفارسیدا لەگەڵ وەرگرتن و گواستنەوەی زاراوەکە بۆ ناو زمانی فارسی، سەرەڕای واتا بنەڕەتییەکەی خۆی، واتاکانی فراوانتر کراوە و واتای جیاوازتری پێ بەخشراوە، بۆ ئەم مەبەستە و بۆ دەرخستنی ڕاستی ئەو بابەتە گەڕاوینەوە بۆ فەرهەنگە گرنگ و بەناوبانگەکانی زمانی فارسی، بۆنمونە لە فەرهەنگی (دهخدا) دا (علی اکبری دهخدا) بەم جۆرە باسی کردوە: (بە کەسێک

پیکەنین، تانە و تەوس دان لەکەسێک، دەرخستنی کەموکوڕی، ناو و ناتۆرە لێنان، قسەکردنی بە توێکڵ و هێمادار(علی اکبر دهخدا: ١٣٧٧هـ.ش.: ١٥٥٣١)

لە فەرهەنگی (سوخەن)دا زاراوەی (تەنز) بەم شێوەیە باسکراوە: (شێوەیەکی دەربڕینی ئەدەبییە، جا چی شیعر بێت یان پەخشان، کە تێیدا نەنگیی تاک یان کۆمەڵ بەشیوەی گاڵتەجاڕی دەردەبڕدرێت، مەبەست لێی چاککردنی ڕەفتاری مرۆڤە، واتای زاراوەکەش بریتییە لە: قسەیەکی تانە ئامێز، سەرزەنشتکردن و قسەیەکی گاڵتەجاڕانە)(د.حسن انوری:١٣٨١هـ.ش: ٤٩٠٥).

لە فەرهەنگی (معین)دا زاراوەی (تەنز) بە (پێکەنین، تانەلێدان، سەرزەنشتکردن، گاڵتە پێکردن، تانە و سەرزەنشت باسکراوە.(معین: ١٣٨٦هـ.ش.: ١٠٣١).

## ٣- زاراوەی تەنز لە زمانی عەرەبیدا:

ڕیشەی زاراوەی تەنز بۆ زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە کە بە ڕێنوسی (طنز) دەنوسرێت، هەر لەوڕێگەیەشەوە ڕۆیشتوە بۆ زمانەکانی تری وەکو زمانی فارسی و لە زمانی عەرەبیدا بۆ زاراوەی تەنز چەند زاراوەیەک بەکاردێن، هەروەکو ئەو زاراوانە لە فەرهەنگە دیارەکانی زمانی عەرەبیدا ئاماژەیان بۆکراوە:

لە فەرهەنگی (لاروس)دا زاراوەی تەنز بەم شێوەیە هاتوە: (طنز- طنزاً: سخر به وأسمعه مايثيره طنز- طنزاً، واتا: گاڵتەی پێکرد و شتێکی بەگوێدا دا کەپێی ناخۆش بێت.(د.خليل الجر: ١٩٧٣: ٧٩٣).هەروەها لە فەرهەنگی (لسان العرب)یشدا، (ابن منظور) دەربارەی زاراوەی تەنز دەڵێت: (طنز- يطنز- طنزاً: كلمة باستهزاء، فهو طناز. قال: الجوهري أظنه مولدا او معربا. والطنز : السخرية.طنز- يطنز- طنزاً:(گاڵتەی کرد- گاڵتەدەکات- گاڵتەکردن):وشەی گاڵتەپێکردنە، کەسێکی زۆر گاڵتەپێکەرە، (جوهری) دەڵێت: پێم وایە ئەم وشەیە داهێنراوە لەوشەی ترەوە یاخود بەعەرەبی کراوە. والطنز: گاڵتەپێکرن.هؤلاء قوم مدنقةودناق ومطنزة اذا كانوا لاخير فيهم هينة انفسهم عليهم. ئەم قەومە تانە لێدەرن بەدوای شتی ورد و بچوکدا دەگەڕێن و بەجۆرێک گاڵتە پێکەرن کەهیچ خێریان تێدا نەبێت و خۆیان بێ نرخ (سوک) بکەن. (ابن منظور : ٢٠٠٥: ١٤٩،١٥٠).

هەروەک لە فەرهەنگی (مختارالصحاح) دا بەم شێوەیە باسی زاراوەی تەنز کراوە: (مختارالصحاح: طنز- (الطنز): السخرية، وبابه: (نصر) فهو طناز بالتشديد، وأظنه مولدا او معربا. طنز- (الطنز):گاڵتەپێکرن، لەسەر وەزنی(نصر)ەیە پێم وایە ئەم وشەیە داهێنراوە لەوشەی ترەوە یاخود بەعەرەبی کراوە. (د.ايمن عبدالرزاق الشوا: ٢٠١٠: ٢٧٨).

بە گشتی زاراوەی تەنز لە زمانی عەرەبیشدا هەروەک لە ڕێگەی فەرهەنگە دیارەکانییەوە خستمانەڕو، واتاکەی هەر لەم چوارچێوەیەدا دەسوڕێتەوە کە بەواتای گاڵتە پێکردن و گاڵتەپێکرانێکی ڕەخنەئامێزدێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ڕایە جیاوازەی (جەوهەری)یە کە لە فەرهەنگی (لسان العرب) و (صحاح)دا، دەربارەی زاراوەی تەنز هاتوە، ئەویش ئەوەیە کە پێی وایە زاراوەکە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی (داهێنراو و بەعەرەبی)کراوە، بەبی ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بخاتە ڕو و ناوی هیچ سەرچاوەیەک بهێنێت، ئەمەش لەکاتیکدایە کە فارسەکانیش هەروەک لە فەرهەنگە فارسییەکانیش خستمانە ڕو، پێیان وایە کە زاراوەکە عەرەبییە و لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی فارسی، ئێمەیش وەکو کورد هەمان بیر و بۆچونمان هەیە. بەڵام ئەوەی کە گرنگە لێرە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەو زاراوەیە لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی عەرەب و سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئەدەبی عەرەبیی زۆر بەکارنایات و زاراوەی (السخرية) زیاتر لەجیاتی بەکاردێت، زاراوەی (السخرية)یش بە گشتی لە فەرهەنگە عەرەبییەکان بەم شێوەیە بەکارهاتوە:

ئەگەر سەرەتا قورئانی پیرۆز وەکو نمونە وەربگرین، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت(يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ) (قورئانی پیرۆز: صورة الحجرات: آية(١١). واتا (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان با هێندێکتان گاڵتە بە هێندێکان نەکەن)(قورئانی پیرۆز: و.هەژار: ١٣٧٩هـ.ش: ٥١٦)، هەروەکو دیارە وشەی (يَسْخَرْ) لە ئایەتەکەدا بەواتای گاڵتەپێکردن هاتوە. لەچەندان شوێنی تری قورئانی پیرۆز بۆ هەمان مەبەست و مانا هاتوە.

هەروەها لە فەرهەنگی(المنجد في اللغة)دا بەم واتایانە هاتوە: (سخر، سخريا و سخرا و سخريا و سخريا و سخره)، واتا کارێکی پێ سپارد بەبێ کرێ و بەزۆر ناچار و زەلیلی کرد. سخر، سخرا و سخرا و سخرة و مسخرا به: واتا گاڵتەی پێکرد، تۆ دەڵێی من گاڵتە ناکەم و تەنها حەق دەڵێم. السخرة: کەسێک کە گاڵتە بەخەڵکی دەکات. السخر و السخري و السخرية: ناوێکە لەوشەی (سخر)وە هاتوە(لويس معلوف : ٢٠٠٢: ٣٢٥)

## ٤- زاراوەی تەنز لە زمانی ئینگلیزیدا:

دەربارەی زاراوەی تەنز لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (satire)یان بۆ بەکارهێناوە کە (بەرانبەر زاراوەی ( Satira ) و (Satura) ی لاتینییە و بەواتای دەفرێک لە میوە دێت کە کاتی خۆی پێشکەشی خودای جوتیارانیان کردوە، ڕیشەکەی بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و ئێستا لە زمانە ئەوروپییەکاندا بەکاردێت). (حسن جوادی: ١٤٠٠هـ.ش: ١٣).

بۆیە پیویستە بزانین کە زاراوەی (satire) لەزمانی ئینگلیزی و لە فەرهەنگە دەوڵەمەند و گەورەکانی ئەم زمانەدا بەواتای چی دێت؟ و چۆن واتاکانی لێکدراوەتەوە، بۆئەم مەبەستەش گەڕاوینەوە بۆ فەرهەنگی (Cambridge) و (Longman) و (Oxford)دا بەم شێوەیە باسیان کردوە:

لە فەرهەنگی (Cambridge)دا زاراوەی (satire) (بریتییە لە شێوازێکی ڕەخنەگرتنی گاڵتە ئامێز لە خەڵک، یان بیرۆکەیەک کە مەبەست لێی نیشاندانی هەڵە وکەموکورتییەکانە). (Cambridge dictionary : 2000 : 756).

لە فەرهەنگی (Longman)دا (satire) یشدا (جۆرێکی ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵ یان سیستەمێک بەشیوازی پێکەنیناوی مەبەستدار، بۆ پیشاندانی کەموکورتییەکان) (Longman dictionary : 2009 : 1547)

فەرهەنگی (Oxford)یش زاراوەی (satire)ی وا باسکردوە کە (ڕێگەیەکی ڕەخنەگرتنە لە کەسێک، یان بیرۆکەیەک یان دامەزراوەیەک بە شیوەی گاڵتەئامێز، بەمەبەستی دەرخستنی هەڵە وکەموکورتییەکانیان). (Oxford dictionary: 2010: 1356).

## - پێناسەی تەنز:

تەنز یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی دنیای ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، هەر بۆیە سەیرنییە کە بەم قەبارەیە جێی سەرنجی نوسەران و شاعیران و ڕەخنەگران بوە، هەرچەندە کۆدەنگییەک نییە بۆ پێناسەی تەنز لەنێوانیاندا، بەڵام هەریەکەو بەپێی تێگەیشتن و پسپۆڕیی خۆی لێی دواوە و پێناسەی کردوە، لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینەڕو:

(جۆناثان سویفت (Jonathan Swift) دەڵێت: تەنز جۆرە ئاوێنەیەکە کە بینەر بەگشتی هەموکەسێکی تێدادەبینێ، خۆی نەبێت و هەربۆیەش لەدنیادا بەم شێوازە پێشوازیی لێدەکرێت وکەم کەس دەرەنجێنێت، تەنز لە باشترین شێوازدا جۆرێکە لە پاسەوانی ڕەوشت و ئەخلاق چاکەکارانی کە کەوتونەتە بەرانبەر خراپەکاران ئارام دەکاتەوە و هەوڵدەدات چاکەکاران لەسەر ڕێگای ڕاست بهێڵێتەوە، بەڵام کەم وا هەیە و بەدەگمەن خراپەکاران دەهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست (آرتور پلارد: ١٣٩٨ هـ.ش: ٥).

(یان جاک) دەڵێت: (ساتیرا زادەی غەریزەی گازەندەیە، گازەندەیەک کە بۆ هونەر گۆڕدراوە).(د.جەبار ئەحمەد حسێن: ٢٠١١: ٤٦). واتا تەنز بریتییە لە هەستی ڕەخنەیی و گازەندە کە بەشێوازێکی سروشتی لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەو هەستە ڕەخنەییە بریتییە لە دەربڕینی بەشێوازێکی هونەریی، کەواتە هەرچی توانای ڕەخنەگرتنی هەبێت، نابێت بە نوسەری تەنز، یان تەنزنوس، ئەگەر توانای داڕشتن و دەربڕینی ئەو ڕەخنەیەی نەبێت بەشێوازێکی هونەریی.

مارتن ستیفن (Martin Stephen) دەڵێت : تەنز بریتییە لە پێکەنین بە کەموکوڕییەکان و گەمژەیی یان لاوازییەکانی مرۆڤ. دەکرێت شێوازی تەنز سادە و چێژبەخش بێت، یان توند و تیژ و تاڵبێت لە دەرخستنی هەڵەکانی مرۆڤ (Martin Stephen:1984:30).

لە پێناسەیەکی تردا تەنز بەوە پێناسەکراوە کە شێوازێکی نوسینە کە تێیدا گاڵتە بە هەڵسوکەوتێکی چەواشەکاری کۆمەڵایەتی یان خراپە و هەڵەکانی مرۆڤ دەکرێت. تەنزنوس گاڵتە بە تاکە چەواشەکار و لادەرەکان و گەمژەیی کۆمەڵگا دەکات و ئامانج لێی ڕاستکردنەوە و چاککردنە(John peck & martin Coyle: 2002: 170).

(جاحظ) لەبارەی تەنزەوە دەڵێت: ئەگەر خەڵک بیانەوێت هەمیشە لە پلەیەکی بەرز و بارێکی جدییدابن و بە شیوازێکی بەهێز قسە بکەن، کاری ئەوان بیهودەیە، چونکە هەر قسەیە و شوێن و کاتی خۆی هەیە، هیزی پێکەنین بەڵام لەجیگەی خۆی هیچی لە هیز و کاریگەریی گریان لە جێگە و کاتی خۆی کەمترنییە(د.نصرالله شاملی: ١٣٧٨ هـ. ش.: ١٤٧)، لێرەدا جاحظ باس لە پێکەنین و هێزەکەی وەکو زەقترین تایبەتمەندی تەنز باسدەکات.

(یحی آرینپور) دەڵێت: (تەنزنوسی باڵاترین پلەی رەخنەی ئەدەبییە، بەمەرجێک ڕوداو و کەسیەتییەکان نەشێوێنرێن) (د.یحی آرینپور: ١٣٧٢:٣٦). واتا بۆئەوەی بابەتی تەنز وەکو بابەتێکی ڕیالیستی و واقیعگەرایانە پەیامەکەی بەتەواویی بگاتە جێی خۆی، نابیت کەسایەتی و ڕوداوەکانی لە سیفەت و تایبەتمەندیی سەرەکی خۆیان دابماڵرێن.

(د.شێرکۆ عبدالله) دەڵێت: تەنز وتنی تاڵییەکانە بە زمانێکی شیرین، تەنز ئاوێنەیەکە هەمو کەسێکی تێدا دەبینی تەنیا خۆت نەبێت، تەنز دەیەوێت هەرچی کەموکوڕی و خراپەکاریی ناو کۆمەڵگایە پیشان بدات، بەوێنە و نوسین، لەڕێگەی پێکەنینەوە(گۆران عبدالله: ٢٠١٥: ١٣)، لەم پێناسەیەدا کاریگەریی تەواوی پێناسەکەی (جۆناثان سویفت Jonathan Swift)بەرچاودەکەوێت کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردوە. بەتایبەتی لەو برگەیەدا کە دەڵێت: (تەنز ئاوێنەیەکە هەمو کەسێکی تێدا دەبینی تەنیا خۆت نەبێت).

(حەمەسەعید حەسەن)یش دەربارەی تەنز دەڵێت: (کاریکاتێرە بە وشە و باس لە بەدڕەوتاری دەکات و ڕوناکی دەخاتە سەر پێوەندییە نەگونجاوەکان. لەبنەڕەتدا فۆڕمێکی ئەدەبیی لاتینییە بە نێوەرۆکی جیاواز کە دەشێت بریتی بێت لە فەلسەفەی مۆراڵ، سەفەرنامە، یان گێرانەوەی ژیاننامەی کەسانی ناودار بەشیوەی گاڵتەجاڕیی. لە فۆڕمێکی ئەدەبیدا بەشیوازێکی گاڵتەجاڕییانەی بریندارکەر، ڕەخنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتییە سیاسی و کلتورییەکان دەگرێت) (حەمەسەعید حسن: ٢٠١١ : ٥).

لە تەنزی ڕەسەندا ئامانجی سەرەکی بریتییە لە چاککردنی کەموکورتییەکان، لەڕێگەی دەرخستنیانەوە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش ئاساییە کە تەنزنوس زیادەڕۆیی لە گەورەکردن و بچوککردنەوەی بابەتەکاندا بکات (د.محمد حکیم آذر:

١٣٩٤هـ.ش: ١٠٢)هەربۆیە تەنز زیاتر وەکو مەیدان و سەکۆیەکی نمایشکردنی ئەو دژیەکییەی لەنێوان ئەو واقیعەی کە هەیە و ئەو واقیعەی کە پیویستە هەبێت، دەبینێت(جواد دهقانیان: ١٣٨٦هـ.ش:٧٦)

## تەوەری دوەم: مێژوی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی:

مێژوی ڕۆژنامەنوسی لە جیهاندا و لەنێو گەلانی دنیادا جیاوازە، هێندێکیان مێژوەکەی هێندە کۆنە مێژونوسان دەیگەڕێننەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی چاپخانە، لەوانە چینییەکان و میسریەکۆنەکان، بەڵام بەگشتی و وەکو بابەتێکی سەربەخۆ مێژوەکەی بۆدوای دۆزینەوەی چاپ دەگەڕێتەوە، لێرەشەوە مێژوەکەی لەنێو میللەتانی پێشکەوتو کۆنترە وەک لە میللەتان تر.

بابەتەکەی ئێمە مێژوی ڕۆژنامەنوسیی کوردیە، بۆیە سەرەتای ئەو مێژوە و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (ڕۆژنامەی کوردستان)بوە، کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەد بەگ) نەوەی بەدرخان پاشاوە دەرکراوە، پاشان لەلایەن عەبدولڕەحمان بەگی برایەوە دەرچوە(حەمە سالّح فەرهادی: : ١٩٨٨: ١٥،١٤).

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆرشی (١٩٠٨)ی تورکیا بەهارێکی کورت لەژیانی کورد دا دەستی پێکرد. بۆیەکەم جار مێژوی کورد چەند کۆمەڵ و دەزگایەکی روناکیریی و سیاسیی بەخۆیەوە بینی، پایزی ساڵی ١٩٠٨، واتە یەکسەر دوای سەرکەوتنی شۆرشی ناوبراو، (ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا و شێخ عبدالقادری شەمزینی ژمارەیەک سەرداری تری ناسراو کۆمەڵەی(تەعالی و تەرەقی کوردستان)یان دامەزراند و (کورد و تەعاون و تەرەقی غەتەسی)یان بڵاوکردەوە. (د.کەمال مەزهەر: ١٩٧٨: ٧٣).

پاشان قوتابیانی کوردی ئەستەنبوڵ (جڤاتی هێڤی)یان دامەزراند و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و یەکەم ژمارەیان لە ١٩ی حوزەیرانی ساڵی (١٩١٣) بڵاوکردەوە(عبداللە زەنگەنە: ٢٠٠٥:١٩)، هەر لەو ماوەیە (گۆڤارێک دەرچو بەناوی گۆڤاری (یەکبون). (د.کەمال مەزهەر: ١٩٧٨: ٧٤). (کورد و تەعاون و تەرەقی غەتەسی) ناوەرۆکی بابەتەکانی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و زمان و ژیانی روناکیریی و فۆلکلۆری کوردیی و ئەوجۆرە باسانە تەرخانکردبو، ئەمە لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و (یەکبون)یشدا بەهەمان شێوە رەنگیدابۆوە(هەمان سەرچاوە: ل٧٣)

ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لە ئەستەنبوڵ چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری تری وەکو: (کوردستان (ئەستەنبوڵ ١٩٠٨)، ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد لە ئەستەنبوڵ دەردەچون (نەوشیروان مستەفا ئەمین: ٢٠١٣:٢٣ - ٢٤)

پاشان ڕۆژنامەنوسیی کوردیی لە باشوری کوردستان دەستی پێکرد و یەکەم گۆڤاریش لە بەغدا، لەلایەن جەمالەدین بابانەوە بەناوی(بانگی کوردستان) دەرچو، یەکەم ژمارەی لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩١٤ بە دو زمانی کوردیی و تورکیی دەرچو، گۆڤارێکی ئەدەبی بو، هەر پازدە ڕۆژ جارێک دەردەچو، بەڵام لەپاڵ بابەتە ئەدەبییەکاندا بایەخی بە بابەتی ئاینیی و ڕۆشنبیریی گشتیی و کشتوکاڵیی و مێژوییشداوە.(فاروق عەلی عومەر: ٢٠٠١:٧٠).ئینجا مسیۆنێرەکان یەکەم هەنگاویان لە مەیدانی ڕۆنامەنوسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نا، وەک مینۆرسکی باس دەکات، مسیۆنێرە پرۆتستانتەکان لە سابڵاغ(مهاباد) بەیاریدەی ئەڵمانییەکان گۆڤارێکی بچوکیان بەناوی(کوردستان)ەوە دەرکردوە کە وتارو بابەتی فۆلکلۆری کوردیی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت: ژمارە یەکی لە نیسانی ساڵی ١٩١٤ دەرچوە. (د.کەمال مەزهەر: ١٩٧٨: ٧٨).

پاشان ڕۆژنامەیەکی هەفتانە لەژێر چاودێری و بەسەرپەرشتی ئیسماعیل ئاغای شکاک(سمکۆ) بەناوی(ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم) – کەهەر بەناوەکەیدا دیارە ڕۆژنامەیەکی نەتەوەیی بوە- دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ڕۆژی کورد و پاشانیش هەر بەناوی (کورد)دەردەچو، مێژوی دەرچوی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ڕاستەوخۆی دوای جەنگی جیهانیی و سەردەمی حوکمی (سمکۆ)دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەکە بە زمانی فارسی و کوردیی دەرچوە(محمد تمدن: ١٣٥٠هـ.ش:٣٧١).

دوای ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە ڕۆژهەڵات بەرەو کزی ڕۆیشتوە تاکو سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان لەمەهاباد، ئینجا کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچون، لە نمونەی (گۆڤاری نیشتیمان، گۆڤاری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەڵاڵە و چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە) کە ئەو ماوەیە بەهۆی زۆریی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەتوانین بە سەردەمێکی پرشنگداری ڕۆژنامەنوسیی کوردی دابنێین.

پاشان ((تیگەیشتنی ڕاستی) کە لەساڵی (١٩١٨) لە بەغدا لەلایەن ئینگلیزەوە دەردەچو، کە ژمارەکانی دەخوێنیتەوە هەست بە نوسینی دو کەسی جیاواز دەکەیت، یەکیکیان بۆ کورد سوتاوە کە لەوەدەچێت شوکری فەزلی بێت، دوەمیشیان وەکو ئینگلیزێکی دڵسۆز و ڕوناکیرێکی ئەوروپایی دەنوسێ کە ئەویش مێجەرسۆنە) (د.کەمال مەزهەر: ١٩٧٨: ١٠٨). هەروەها لە ئەستەنبوڵ گۆڤاری (ژین) لە ساڵی (١٩١٨ – ١٩١٩) دەرچوە، ڕۆژنامەی کوردستان لە (١٩١٩ – ١٩٢٠)یش لە ئەستەنبوڵ دەرچوە.) (نەوشیروان مستەفا ئەمین: ٢٠١٣:١٥٥).

ئینجا کۆمەڵێک ڕۆژنامە لە شاری سلێمانی دەرچون، لەوانە: پێشکەوتن(پیشکوتن) ژمارە ١ی لە ٢٩ی نیسانی(١٩٢٠)دەرچوە. بانگی کوردستان(بانک کوردستان)لە ٢ی ئابی ساڵی(١٩٢٢)یەکەم ژمارەی دەرچوە.ڕۆژی کوردستان(روژ کوردستان): لە ١٥ی تشرینی دوەمی ساڵی(١٩٢٢)ژمارە یەکی لێ دەرچوە. بانگی حەق(بانک حق): دوای ئەوەی شێخ مەحمود چاپخانەکەی لە ئەشکەوتی جاسەنە لەناوچەی سورداش دامەزراند، یەکەم ژمارەی لە ٨ی مارتی(١٩٢٣)لێ دەرچوە، ئومێدی ئیستقلال: دوای کشانەوەی ئینگلیز و گەڕانەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بۆ سلێمانیی، یەکەم ژمارەی لە ٢٠ی ئەیلولی(١٩٢٣)لێ دەرچوە(فاروق عەلی عومەر:٢٠٠١ : ٨٠ - ٩٩)، ژیانەوە: یەکەم ژمارەی لە ١٨ی ئابی(١٩٢٤)دەرچوە، ژیان : ژمارە ١ی لە ٢١ی کانونی دوەمی (١٩٢٦) دەرچو، درێژەپیدەری (ژیانەوە)بوە، زبان: ژمارە یەکی لە ١١ی ئەیلولی (١٩٣٧) دەرچوە، ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن شارەوەنییەوە بۆ بەربەرەکانیکردنی ڕۆژنامەی (ژیان)ی پیرەمێرد دەرکراوە، زانستیی: گۆڤارێکی زانستیی و ئەدەبی و هونەریی و مێژویی و ئابوریی بوە، ژمارە یەکی لە ٢٥ی شوباتی ١٩٣٨ دەرچوە (نەوشیروان مستەفا ئەمین: ٢٠١٣ :١٥٥). دیاریی کوردستان: ژمارە یەکی لە ١١ی مارتی ١٩٢٥ لە بەغدا دەرچوە (نەوشیروان مستەفا ئەمین- ڕەفیق ساڵح:٢٠٠١: ٥) .هەر لە بەغدا چەندان بڵاوکراوەی کوردی بڵاوکرانەوە، لەوانە(پەیژە (١٩٢٧)) (ممتاز حەیدەری: ١٩٨٥: ٢٩)، (یادگاریی لاوان(١٩٣٣)) و دیاریی لاوان(١٩٣٤))(غەفور ساڵح کەریم: دیاری لاوان و یادگاریی لاوان: ٢٧، ٤٠)

لە ڕەواندزیش (حسێن حوزنی موکریانی و گیو موکریانی) گۆڤاری (زاری کرمانجیی)یان دەرکردوە، یەکەم ژمارەشی لە ٢٥ی مایسی ساڵی ١٩٢٦ دەرچوە(د.کوردستان موکریانی: ٢٠٠٢ :٣)

کەرکوک: لەلایەن (وەجدی ئەفەندیی)ەوە لە کەرکوک ژمارە یەکی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ دەرچوە. (ئەحمەد تاقانە: ٢٠٠٧ :٨).

روناکی: یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێرە، لە ٢٤ی ١٠ ساڵی ١٩٣٥ یەکەم ژمارەی لێ دەرچوە.(د.کوردستان موکریانی: ٢٠٠١:٣)

گۆڤاری هاوار: لەلایەن میر جەلادەت بەدرخانەوە کە سەرۆکی کۆمەڵەی خۆیبون بوە دەرچوە، ژمارە ١یشی لە ١٥ی ٥ی ١٩٣٢ دەرچوە. سەرەڕای ئەوە بەدرخانییەکان لەماوەی سەختی جەنگی جیهانیی دوەم لە شۆڕشی ڕۆژنامەنوسیی هەر بەردەوامبون، سێ گۆڤاری دیکەیان دەرکردون، ئەوانیش:(ڕۆناهی) جەلادەت عالی بەدرخان مانگانە دەریکردوە، یەکەم ژمارەی لە ١ی نیسانی ١٩٤٢ دەرچوە، (ڕۆژا نو): د.کامەران عالی بەدرخان دەریکردوە، ژمارە یەکی لە ١ی مایسی ١٩٤٣ لە بەیرۆت دەرکردوە، (ستێر): ئەویش هەر لەلایە د.کامەران عالی بەدرخانەوە دەرکراوە و ژمارە یەکی لە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٣ لە شام دەرچوە. (نەوشیروان مستەفا ئەمین: ٢٠١٣: ١٥٥)

گۆڤاری گەلاوێژ: یەکێکبو لە بەناوبانگترین گۆڤارە کوردییەکانی سەردەمی خۆی کە خوێندەوارێکی کوردی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە، بەجۆرێک لەهەمو پارچەکانی کوردستانەوە نوسەرانی کورد بابەتیان تێدابڵاودەکردنەوە، نەوشیروان مستەفا ئەمین بە قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی ناوی دەبات، ئەدمۆنزیش بە یەکێک لە گرنگترین گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەوکات ناوی دەبات.ئەم گۆڤارە سەرەتای بڵاوبونەوەی لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩دابوە و ماوەی دە ساڵ بەردەوامبوە.(صديق صالح: ٢٠١٦: ٥)

گۆڤاری دەنگی گێتی تازە: یەکەم خولی بەسەرپەرشتی تۆفیق وەهبی بەگ و سەرنوسەرەکەی حسێن حوزنی موکریانیی بو، یەکەم ژمارەی لە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ دەچوە(سديق ساڵح- ڕەفیق ساڵح – عەبدوڵا زەنگەنە : ٢٠١٠: ٥).

گۆڤاری نزار: یەکەمین گۆڤاری سیاسیی کوردیی بوە، بە دو زمانی عەرەبی و کوردی بابەتەکانی تێدابڵاوکراونەوە، یەکەم ژمارەی لە ٣٠ی ٣ی ١٩٤٨ دەرچوە، علاالدين سجادیی خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری بوە(ڕەفیق ساڵح – سديق ساڵح: ٢٠٠٠: ٣).

**بەشی دوەم: جۆرەکانی تەنز و تەنزی کۆمەڵایەتیی لە رۆژنامەنوسی باشوری کوردستاندا(١٩٢٠-١٩٥٠):**

**تەوەرەی یەکەم: جۆرەکانی تەنز :**

بابەتی تەنز لە زۆر ڕوەوە پۆلێن کراوە، هەندێک لەڕوی تەکنیکەوە پۆلێنیان کردوە، هەندێک لەڕوی ڕوخسارەوە، هەندێکیش لەڕوی ناوەڕۆکەوە، ئەو شێوازەی کە ئێمە پۆلێنمان کردوە، لەڕوی ناوەرۆکەوەیە، بۆیە تەنز لەڕوی ناوەڕۆکەوە دەکرێت بەچەند جۆرێک:

**١- تەنزی ئاینیی (Religious Satire):**جۆرێکە لە جۆرەکانی تەنز، دین و مەزهەب بەدرێژایی مێژو لەبەر ئەو سەنگ و ڕێزەی کە هەیبوە، لە ڕەخنەی توند بەدوربوە، بەڵام هەندێک لەبەر ئەو دەمارگیرییەی کە بۆ دین هەیانبوە، وایانکردوە کە زەمینەی نوسینی تەنز بۆ تەنزنوسان برەخسێت. لەم جۆرە تەنزەدا شاعیر، یان نوسەر پشتئەستور بە بیروباوەڕی دینی و مەزهەبیی خۆی، بیر و باوەڕی کەسانی تر بەشیوەی تەنز گاڵتە پێدەکات، پێداگریی لەسەر ڕاست و دروستی دین و مەزهەبی خۆی دەکات(اكرم آلبويه: ١٣٩١هـ.ش: ٦٥). پێشتر لەبەرئەوەی کە پیاوانی ئاینیی وەکو میراتگری پێغەمبەران و پیرۆز سەیرکراون، کەمتر ڕەخنەیان لێگیراوە و بەتەنزەوە باسیان کراوە، بەڵام دواتر وردە وردە ئەو دیدگایە گۆڕدرا، تەنزی ئاینی هاتەناوەوە، تەنزنوس زیاتر بابەتی جیاوازیی قسە و کردار دەخاتە ژێر زەرەبین و تەزویر و ڕیابازیی هەمیشە بابەتی بەردەستی بون، بۆیە هەمیشە مەلا و شێخ و سەید و دەرویشەکان بابەتی سەرەکیی تەنزی ئاینیین، ئەوان وەکو ئەوەی دژی هەواو هەوەسی مرۆڤبن خۆ دەنوێنن و بەهانەیەکن بۆ تەنز نوس کە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ پێیان بڵێت: کەچەڵ ئەگەر تیمارکەربێت، تیماری سەری خۆی دەکات(آرتور پلارد: طنز: ١٩).

**٢- تەنزی فەلسەفی(Philosophical Satire):** جۆرێکی دیکەیە لە جۆرەکانی تەنز، لەبنەڕەتدا تەنزی فەلسەفیی پێکەنینی ئەوکەسانەیە بە دنیا و پوچییەکانی و ئەوانەی بەتەواویی لێی تێگەیشتون و ئارەزویان ئەوەیە کە بگەن بە کامڵیی، ئەمەش تەنزێک بەرهەم دێنێت کە لە جیهانبینیی و تێروانین و بیروباوەڕی ئاینیی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە، نوسەری ئەم جۆرە تەنزە هەوڵدەدات کە ئەندێشەی خۆی لە قاڵبی تەنزئامێزدا دەربڕێت تاکو بروا بە گوێگر و خوێنەر بهێنێت و بیخاتە سەر بیروباوەڕی خۆی(اكرم آلبويه: ١٣٩١هـ.ش: ٦٥). هەر بەم هۆیەشەوەیە کە دین و فەلسەفە هەمیشە بەریەککەوتنیان هەبوە لەگەڵ یەکتر، جا یان یەکتریان ڕەتکردۆتەوە، یان یەکتریان قبوڵکردوە و لەژێر سایەی ئەم یەکتر قبوڵکردنە فەلسەفەی دین هەیە.

تەنز و فەلسەفە بۆیە لەم جۆرەدا یەکانگیردەبن و تێکەڵی یەک دەبن و تەنزی فەلسەفی دروست دەکەن، چونکە خاڵی لێکچویان زۆرە، بۆنمونە تەنزنوس و فەیلەسوف هەردوکیان ڕەخنەگرانە بیردەکەنەوە و دژی بیروباوەڕی باوی کوێرانە و ملکەچیی بێ چەند و چونن، فەلسەفە و تەنز ڕەگێکیان لە سەرسامیی و حەیرانییدایە، ئەوانەی کە لەم دو بوارەدا کاردەکەن، بیر و خەیاڵ لەوشتانە دەکەنەوە کە جیاوازن لەو واقیعەی کە هەیە(جان موریل :١٣٩٢هـ.ش:٢٠٩).

**٣- تەنزی سیاسی(Political Satire) :** جۆرێکی دیار و بەربڵاوی تەنزە و سیاسەت دەکاتە چەقی بابەت، ئەم جۆرە تەنزە لەگەڵ سیاسەتی باوی کۆمەڵ لە پەیوەندیدایە، بەمەبەستی چاککردن و بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەتە، ڕەخنە دەگرێت. ئەم تەنزە هەندێک جار لەلایەن ستەملێکراوانەوە و هەندێک جار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دروست دەبێت، واتا هەرجۆرە تەنزێک کە پەیوەست بێت بە حکومەت و دەسەڵاتەوە، بە تەنزی سیاسیی ئەژماردەکرێت، جا چ پەیوەست بێت بە دژایەتیکردنی سیاسەتی دەسەڵاتداران، یان بەپێچەوانەوە بۆ قایمکردنی دەسەڵاتی سیاسیی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگادا و لەناوبردنی نەیارانی(اکرم آلبویە: ١٣٩١هـ.ش: ٦٥).

لە تەنزدا بەگشتی و تەنزی سیاسیی بەتایبەتی، هەندێک جار تەنزنوس بۆئەوەی لە سزای حاکمان و دەسەڵاتداران دوربێت، دێت ڕەخنەی خۆی لە قاڵبی تەنزدا، لەسەر زاری شێت و دێوانەکان دەردەبڕێت، چونکە دەربارەی شێتەکان دەگوترێت حەق و حیسابیان لەسەر هەڵگیراوە و لە شەرع و قانون ئازادن و بەدەرن، بۆنمونە، ئەمەی لەسەر(باڵوڵ) باسدەکرێت (رخسارە جعفری: ١٣٨٩: ١٠٩). کەواتە ئەو تەنزە لەژێر دو ماسک و ڕوپۆشدایە، چونکە لە تایبەتمەندییەکانی تەنز بۆخۆی بەگشتی بریتییە لەوەی کە ناڕاستەوخۆیە و ماسکی هەیە، ئەمەش بێگومان بۆ خۆبەدورگرتنە لە سزای حاکم و دەسەڵاتداران کە تەنزەکەیان لەبارەوە دەنوسرێت.

**٤- تەنزی کۆمەڵایەتیی (Social Satire)** جۆرێکی دیکەیە لە جۆرەکانی تەنز و ئەو تەنزەیە کە بابەتی دابونەریت و کلتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت، بەربڵاوترین جۆری تەنزە (مریم شاد محمدی: ١٣٩٠ هـ.ش: ٦٤) هۆکاری بەربڵاویی و زۆرییەکەشی لەچاو جۆرەکانی تر دەکرێت بۆئەوە بگەڕێتەوە کە بەگشتی تەنزێکە بۆ گشت کۆمەڵگایە و ئاماژە بۆ کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو ناکات و ئەوەش تەنزنوسی دەستکراوەتر کردوە لەچاو جۆرەکانی تری تەنز.

تەنز بۆخۆی بابەتێکی تەواو کۆمەڵایەتییە، ئەوەتا فرۆید لە بیروبۆچون و تیۆرەکانیدا لەبارەی تەنزەوە دەڵێت: (تەنز کۆمەڵایەتیترین چالاکی دەرونییە، ئەم جۆرە ئەدەبییە هەمیشە پێویستی بە کەسی سێیەمە کە درکی بکات و لێی تێبگات، چونکە هیچ کەس تەنز بۆخۆی نانوسێت)(محمدرضا اصلانی:١٣٨٥هـ.ش:١٤٢).

تەنزی کۆمەڵایەتیی هۆکارێکە بۆ دەربڕینی مەبەستی ئاشکراو و شاراوە و ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی خەم و ناخۆشییەکانی ناو دڵ و پەردەهەڵماڵین لەسەر کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵ و ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤ و ناهەمواریەکانی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵ، بەشێوەیەک کە هەمو ئەو ساتە بێنێتە پێکەنین و ڕەخنەی تەنزئامێزیان ئاڕاستە بکەن، بۆئەوەی بەخۆداچونەوە ڕوبدات، یان هەندێک جاریش ڕق و قینەیان بوروژێنێت (د.هیمداد حسێن: ٢٠١٠: ٢٢).

## تەوەرەی دوەم: تەنزی کۆمەڵایەتیی لە ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستاندا (١٩٢٠ – ١٩٥٠):

تەنزی کۆمەڵایەتی بەزۆریی کاتێک دەنوسرێت و بەربڵاوە کە لێکترازانی کۆمەڵایەتیی ڕودەدات و درزێکی گەورە لەنیوان دو یان چەند چین و توێژێکی کۆمەڵ، بەتایبەتی لە نیوان چینێک کە کۆن بیردەکاتەوە، لەگەڵ چینێک کە دەکەوێتە

ژێرکاریگەریی تەیار و تەوژمە ئایدیۆلۆژییە تازەکانەوە، یەکەمیان هەوڵدەدات دوەم و تازەکە بەمەسخەرە بگرێت و گاڵتەی پێبکات، ئەمەش لەپێناوی مانەوەی خۆی وەکو خاوەنی کلتورێکی جێکەوتو و چەسپاو، دوەمیشیان هەوڵدەدات لەڕێگەی تەنزەوە یەکەم وەکو کۆمەڵێک دابونەریتی کۆن و ڕزیو و دواکەوتو و لەکارکەوتوی کۆمەڵ بەگاڵتەوە وێنابکات، لەپێناوی ئەوەی جێ بە یەکەم لەقبکات و خۆی جێگیربێت و ببێتە جێگرەوەی، ئەوەیان لە بەرهەمهێنانی تەنزدا ڕێژەکەی زیاترە، چونکە ئەمە زیاتر لەباری هێرشکردندایە، مەبەستییەتی کە گۆڕانکاریی بکات، بەڵام حاڵەتی یەکەم لە بەرگرییکردن و مانەوەدایە، وەک دەڵێن: دەستی بەکڵاوی خۆیەوە گرتوە، با نەیبات،ئەمەش لەبنەڕەتدا لەوەوە هاتوە کە خودی(تەنز هەوڵی چاکسازیی دەدات، دەیەوێت ئەو بارودۆخەی کە هەیە و پێی وایە خواروخێچ و نادروستە، چاکتر بکات، ئەو بارودۆخەی کە هەشە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دابونەریت و کەلتورەوە هەیە. تەنزی کۆمەلایەتیش بۆخۆی یاخییە لە دابونەریت و کەلتور، یان لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە دژە کەلتور و سوننەتی کۆمەڵایەتییە)(محمد حسين كرمی، زهرا رياحی زمين، جواد دهقانيان:١٣٨٨هـ.ش: ٦).

تەنزی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە( ١٩٢٠ – ١٩٥٠ ) لە باشوری کوردستان هەمان ئەوکەش و هەوا و تایبەتمەندییانەی هەبو کە باسمان کرد، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە لەوسەردەمەدا دەرچونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بەرەوپێشچونی ڕۆژنامەگەریی وەکو بابەتێکی شارستانیی و مۆدێرن سەیری دەکرا و وەکو هۆکارێکی گرنگی بەرەوپیشچونی کۆمەڵ لێی دەڕوانرا، واتا ڕۆژنامەگەریی لەوسەردەمەدا ڕۆڵی هەبو لە دروستبونی ئەو شکاف و درزە لەنێوان نەوەی نوێ وکۆن و وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن و نوێ زیاتر پشتگیریی بابەتی نوێی دەکرد و پشتی نەوە تازەکەی دەگرت، بەڵام نەک بە پشتگوێخستنی تەواوەتیی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کۆن، هەندێک جار بەگەڕانەوە بۆ کۆن پشتگیریی نوێی دەکرد.

لەبەرئەوەی کە تەنزنوس لە کۆمەڵگەی خۆی جیانییە و تەواو پەیوەستە پێوەی، بۆیە پێویستە بیرکردنەوە و بیروباوەڕی تەواو ڕەنگدانەوەی کلتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و دابونەریتی کۆمەڵ بێت(د.حسين بهزادی اندوهجردی:١٣٧٨هـ.ش: ٥١) بۆیە تەنزی کۆمەڵایەتیی بەتەواویی ئەو ئەرکە دەگێڕێت، چونکە هەروەکو دەڵێن: ئەدەب و هونەر ئاوێنەی کۆمەڵن، بۆیە شاعیر و نوسەر وهونەرمەند وەکو هەرتاکێک بیر و بۆچونەکانی لە کۆمەڵەوە دێن، دەبێت بە باشترین پێناسی کۆمەڵ و سەردەمەکەی خۆی، لە ژینگەیەکدا کە عیرفان و تەسەوف و تەرکە دونیایی زاڵە، شاعیریش عارف و سۆفی و تەرکەدونیا باردێت، لە ژینگەیەک کە ئازادیی و نەفس بەرزیی و پیشکەوتنی تێدا بژیات، ئەوا شاعیریش ئازاد و نەفس بەرز و پیشکەوتو پەروەردە دەبێت و ئەو سیفەتانەی تێدا بەتەواویی ڕەنگدەداتەوە(عبدالحسين زرينكوب: ١٣٦٣: ١٦١)

دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتەکان بەگشتی و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی لە ناوچەکەدا و هاتنی بیری ناسیۆنالیزمی لە ئەوروپاوە بۆ ڕۆژهەڵات، میللەتانی ژێردەستی ئەم ئیمپراتۆریەتە بیریان لەوە کردەوە کە هەریەکەو لەڕوانگەی میللیی گەرایی و نەتەوایەتیەوە کیان و دەوڵەتێک بۆخۆی دروست بکات و لەڕێگەیەوە مافە نەتەوایتییەکانی و ئەو نیشتیمانەی کە لەسەری دەژیت بپارێزێت، میللەتی کوردیش وەکو یەکێک لەو میللەتانە سەرەتا هەوڵیدا کە وەکو تەواوی میللەتانی ژێردەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەدوای شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆیدا دەگەڕا و هەوڵی دەدا لەو ڕێگەیەوە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی دەستەبەربکات دەوڵەت و کیانێک وەکو باقی نەتەوەکانی تر بۆخۆی دەستەبەر بکات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەدەب وەکو پێویستییەکی قۆناغەکە گۆڕانی بەسەرداهات و بەرەوە نوێبونەوە ڕۆیشت و شاعیران وئەدیبان وەکو گرنگترین کەناڵی گەیاندنی پەیامەکانی هۆشیاریی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و...، سەیریان دەکرد و لەم پیناوەدا قوربانیان بە ئەدەب دا و لە ئاستێکی ئیستاتیکی و ڕەوانبێژی بەرزەوە دایانبەزاند بۆ زمان و ناوەڕۆکێکی سادە

بەجۆرێک کە ببێت بە ناوەندێکی هۆشیارکردنەوە و هەموکەس بتوانێت لێیتێبگات، واتا لە شیعر و ئەدەبی کلاسیکیدا ئەگەر بمانویستبایە کە لێی تێبگەین، ئەوا دەبوایە ئاستی ڕۆشنبیریمان بەرزبکەینەوە و بگەیەنینە ئاستی شیعر و ئەدەبی کلاسیکی، بەڵام شاعیران و نوسەرانی نوێ ئاستی ئەدەبیان دابەزاند بۆ ئاستی ڕۆشنبیریی و تێگەیشتنی خەڵک، هەروەها لەم قۆناغەدا سەرەڕای شیعر، چەندان ژانری تری وەکو چیرۆک و جۆرەکانی و ڕۆمان بەشیوازی هونەریی هاتنە کایەوە کە بون بە کەناڵی گرنگی هۆشیارکردنەوەی خەڵک، کەواتە بەگشتی لە ئەدەبی ئەم قۆناغەدا ناوەڕۆک گرنگییەکی زۆر پێ دەدرا، هەربۆیەش ئێمە لە ڕونگەی ناوەڕۆکەوە لە ئەدەبی تەنز و جۆرەکانی دەکۆڵینەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ئەم قۆناغەدا.

بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵدەدەین بابەتی تەنزی کۆمەڵایەتیی لەڕوانگەی (شیعر و پەخشان) و هەمو ئەو ژانرە ئەدەبییانەی لەم چوارچێوەیەدا خراونەتە ڕو، لەم قۆناغەی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی باشوری کوردستاندا بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**١- شیعر:** بەگشتی لە ئەدەبدا بە کۆنترین ژانر دانراوە(هەڤاڵ ئەبوبەکر: ٢٠٠٧:٣٩)، ئەمەش بەهۆی ئەو سەرنجڕاکێشییەی لە ڕیتم و مۆسیقا و کێش و سەرواکەیدا هەیە، لەم قۆناغەشدا ئەم ژانرە ئەم سەرنجڕاکیشییە و هێزەی مابو و کەناڵ و کەرەستەیەکی گونجاوبو بۆ گەیاندنی ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی تەنز، بۆیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەی باشوری کوردستان سودیان لەم ژانرە وەرگرت و بەرهەمی شاعیرانیان تێدا بڵاودەکردەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ئەم قۆناغە سەرەڕای ئەوەی شاعیرەکانی ئەو سەردەم وەکو (پیرەمێرد و قانیع و مەدهۆش) و چەندان شاعیری دیکە شیعرە تەنزەکانی خۆیان بڵاودەکردنەوە و شیعرە تەنزەکانی شاعیرانی پێشتریش لە نمونەی(شێخ ڕەزا و سالم)و چەندان شاعیری تریش بڵاوکرانەوە، بۆنمونە لە ژمارە(٢٢)ی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی دا باسی سالم بە کەسێکی نوکتە پەروەر و خۆش مەشرەب و هەجوبێژ کراوە و بۆ بەڵگەی قسەکانیشیان شیعرێکی تەنز ئامێزی شاعیریان هێناوەتەوە، کە بۆ (میرزا محمد سراج)ی نوسیوە (سدیق ساڵح – ڕەفیق ساڵح: ٢٠٠٧ : ٨٨). هەروەها لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (دیاری کوردستان)دا ئەو شیعرەی شێخ ڕەزا بڵاوکراوەتەوە کە بە تەنزەوە باسی ئەو ئێسترە دەکات کە بە دیاری بۆی هاتوە(نەوشیروان مستەفا ئەمین- سدیق ساڵح: ٢٠٠١ : ١٠)، هەمان شیعر لە ژمارە(٢)ی ساڵی(١٩٤٣)ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) بەناوی (ئێستری دیاری) بڵاوکراوەتەوە(سدیق ساڵح- ڕەفیق ساڵح- عەبدوڵا زەنگەنە: ٢٠١٠:٦٩).

لێرەدا هەوڵدەدەین بۆ بەڵگەی قسەکانمان چەند نمونەیەکی شیعریی کە پەیوەستن بە تەنزی کۆمەڵایەتییەوە بخەینەڕو. بۆنمونە (قانیع) لە ڕۆژنامەی(ژین)دا، شیعرێکی تەنز ئامێزی بەناوی (من و فلس)بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت:

ئەی فلس وەڵلا لە داک و باب و بـاپیر چـاتری
تۆ لە دوسەد خزم و خوێش و دەسگیـر چاتری

هەی بە قوربانی زرەت بم ڕۆژی سەودا و مامەڵە
تۆ لە شیر و خەنجـەر و برنەو گـەلێ ئـازاتری

وابزانم بێ ئەدەب نابـم ئەگـەر ئەمـڕۆ بڵێـم
تۆ لە لوقمـان و ئەرەستـو عالـم و داناتری

من بەچاوی خۆم ئەبینم کەمتیارت کرد بە شێـر
بەینی بەینەڵلا لە خواجە و فەیلەسوف وریاتری

چەن زەبەللاح و قورمساخ و تەڕاحت کرد بە پیاو

جا كەوابو تـۆ لە خوێنـدن چاتـر و باڵاتـری

كلكی كەر بەرز كەیتەوە ئەیكەی بە پێشەنگی قەتار

ئافەریـن بۆ تۆ فلس بێشـک لە من دانـاتری (قانیع: ١٩٤٥: ٢).

شیعرەكە گفتوگۆیەكی تەنزئامێزە لەنێوان شاعیر و فلسدا، پەیامی شاعیر لە شیعرەكەدا بریتییە لە ڕەخنەگرتن لەو زەمانەی كە شاعیر تێیدا ژیاوە، بەشێوەی تەنز كە پوڵ و پارە جێگەی هەموشتێكیان گرتۆتەوە، كەسانی پولەكی و پارەپەرست و پارەدار ڕۆژیانە و جێگەیان بە زانا و عالم و فەیلەسوف لەقكردوە و لەوان خۆشەویستترن.

هەروەها پیرەمێردی شاعیر لەڕێگەی دارشتنەوەی بەشێک لە پەندی پێشینان بەشێوەی شیعر، هەوڵیداوە بەشیوەی تەنز ڕەخنە لە بارودۆخی كۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی بگرێت، شاعیر ئەو پەندانەی لە ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)ی سەردەمی خۆیدا بڵاوكردونەتەوە و (هەمیشە ئەوەی ڕەچاوكردوە كە پەندەكە لەتەک بارودۆخ دا بگونجێ، بۆیە هەر پەندەی وێنەیەكی كاریكاتۆریی سەربەخۆیە. پیرەمێرد لە دەستنوسەكەیدا بەشی زۆری ئەو بۆنانەی دەستنیشان كردوە كە پەندەكەی تێدا گوتراوە).(فائق هۆشیار و هاوڕێكانی: ٢٠٠٧: ٥.، ئەمانەش چەند نمونەیەكن لەو پەندانە:

ئاغای تەماعكار هەر ئەڵێ بیدە

كەر بەجۆ بمرێ ئەوسا شەهیدە(پیرەمێرد: ١٩٣٢: ٣)

بە تەنزەوە ڕەخنەگرتن لە ئاغای زۆردار و چاوچنۆک و تەماعكار و چواندنی بە كەرێک كە لەبەر زۆر جۆ خۆریی دراوە.

دەوڵەمەندی ڕژد خۆی هەڵئەكێشێ

پارە مێشێكـە لە گوش ئەنیشێ(پیرەمێرد: ١٩٣٢: ٣)

بەتەنزەوە ڕەخنەگرتن لە دەوڵەمەندی پیسكە و ڕژد و خۆبەزلزان و چواندنی پارە بە پیسایی و دەوڵەمەند بە مێش.

ئەوشوێنەی كەوا وتیان خەرمیزە

كەر لێی ئەمیزێ یەكسەر بەڕێزە(پیرەمێرد: ١٩٤٤: ٢)

پیرەمێرد ئەو پەندەی وەكو پلار بەشێوەی تەنز بۆ ئەو كەسانە بەكارهێناوە كە كوێرانە و بە بێ بیركردنەوە بەدوای قەڕەباڵغی و شتی باو دەكەون.

خەسو بە خڕكێ، بوكێ بە برِكێ

تێک بەربن شیریان چۆن نابزرِكێ؟(پیرەمێرد: ١٩٤٥: ٢)

بەتەنزەوە باسی شەڕی بوک و خەسو دەكات بەدار و بەرد.

## ٢- پەخشان:

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٥٠) لە ئەدەبیاتی كوردیدا بەسەرەتاكانی گرنگیدان بە بابەتی پەخشان دێت بەشێوەیەكی هونەریی لەلایەن نوسەرانەوە، هەربۆیەش سەرەتای ئەم قۆناغەیان بە سەرەتاكانی سەرهەڵدانی چیرۆكی

هونەری کوردیی دیاریکردوە و لەم نێوەندەشدا بابەتی تەنز بەگشتی و تەنزی کۆمەڵاتیی بەتایبەتی لە قاڵبەکانی پەخشاندا(چیرۆک و نوکتە)زۆر گرنگیان پێدراوە.

**أ)چیرۆک:** لە ڕۆژنامەنوسی ئەم قۆناغەدا گرنگییەکی زۆر بە چیرۆک دراوە، هەندێکیان دروستکراو و زادەی زەینی نوسەرن، هەندێکیشیان حیکایەتی میللی و فۆلکلۆرین، فۆلکلۆرگرنگی زۆر پیدراوە لەم قۆناغەد، لەپێناوی پاراستنی ئەم سەرمایە نەتەوەییە لە فەوتان، ئەمەش لەو هەستە نیشتیمانیی و نەتەوایەتییەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەوکاتە هەبوە.

لە ڕۆژنامەنوسیی ئەم قۆناغەشدا گۆڤاری دەنگی گیتی تازە لە هەمویان زیاتر گرنگی پیداوە و چەندان نمونەیان لێ بڵاوکردونەوە، ئەمە چەند نمونەیەکن لەم چیرۆکانە: (کەر ئەحمەد، دز و ڕەبەن، سێ کەسی هاوڕێ، مام سۆفی و مەلایکەی ڕەحمەت، گورگ و ڕێوی). ئەمانە و چەندانی دیکە نمونەی ئەو چیرۆک و حیکایەتە میللی و فۆلکلۆرییانەن کە ناوەرۆکەکەیان پڕە لە تەنزی کۆمەڵایەتیی، ئێمە لێرەدا بەکورتی باسی(چیرۆکی کەر ئەحمەد) دەکەین کە (تۆفیق وەهبی بەگ) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لە ژمارە (١)ی بەرگی دوەمی نیسانی ساڵی (١٩٤٤)دا بڵاوی کردۆتەوە و لە خوار ناونیشانەکەی نوسیویەتیی (لە چیرۆکەکانی مناڵیم وەکو ئێستا بەبیرمادێ)، پاڵەوانی چیرۆک (ئەحمەد) ناوێکە کە پیشەی جۆڵایی بوە و بە (کەر ئەحمەد)ناوبانگی ڕۆیشتوە، کەسێک بوە بە قەد و قیافە وەکو ڕۆستەمی زاڵ بوە، بەڵام زەلیل لەبەردەستی ژنەکەی و بەقەد دێویك لێی ترساوە، ڕۆژێک ژنەکەی کاسە ماستێکی پێ دەسپێرێت بەهەڕەشەوە پێی دەڵێت کە ئەگەر مێشێکی بچێتەناو وای بەحاڵت، دوای ئەوەی کەر ئەحمەد ئاگای لە کاسە ماست نامێنێ سەیردەکات ڕەش دەچێت لە مێش، ئەویش ئەو شمشێرە لە کالان دێنێتە دەر کە بە دیواردا کراوە و لە باب و باپیرانی بۆی ماوەتەوە، ڕایدەوەشێنێتە کاسەماست و ورد و خاشی دەکات، پاشان لەترسی فەریکەدێوی ژنی ماڵ بەجێدەهێڵێت و ئەوەندە دوردەکەوێتەوە کە دەستی پێ نەگات، دواتر هەر بەڕاستی کە شمشێر و کالان بە کەمەری خۆیەوە دەبێنێت خۆی وەکو پاڵەوان دێتە بەرچاو ئەوەتا کاسەماستێکی پێ ورد و خاش کردوە و چەندان مێشی پێ کوشتوە، داوا لە کەسێک دەکات کە لە شمشێرەکەی بنوسێت: (پاڵەوان ئەحمەد بە شیرێک چل گیانداری بێ گیان کرد)، پاش ئەوەی کە ڕێی دەکەوێتە شوێنێک کە کانیەکی لێیە و لەسەر کانییەکە پشویەک دەدا و خەو دەیباتەوە، لەو شوێنە دەستەیەک دەژیان کە چل جەردەبون و خەریکی ڕاو و ڕوت بون و کەس پێیان نەدەوێرا، لەو ڕۆژانەش پێشەوا و سەرۆکەکەیان مردبو پێکنەدەهاتن بۆ دیاریکردنی سەرۆکی تازە، کە (کەر ئەحمەد) بەم قەڵافەتە زەبەلاحەوە و شمێرەکەی دەبینن و نوسراوەکەی سەری دەخوێننەوە دەست بەجێ دەیکەن بە پیشەوای خۆیان. هەر لەو سەروبەندەدا پاشا جارچی بە قەڵەمڕەوی خۆیدا بڵاودەکاتەوە کە دوژمن بەنیازە هێرش بکاتە سەر تەخت و تاجی و بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر چل جەردەکان لەو شەڕە هاوکاری پادشا بکەن، پادشایش فەرمانی لێخۆشبونیان بۆ دەردەکات، بۆیە دەچن بۆ قەسری پادشا و لەوێ چەک و تفاق شەڕ و ئەسپیان بۆ ئامادەدەکەن و بۆکەر ئەحمەدیش ئەسپێک دێنن کە لەگەڵ قەد و قیافەی زەبەلاح و ناو و ناوبانگی ئەودا بگونجێت، ئەسپەشێتێک لە تەویلەی پاشا دەردێنن وەکو ئەژدیها وایە، بە چەند کەسێک دەیگرن کە کەر ئەحمەد سواری ببێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دوژمن، کەر ئەحمەدیش کە تاکو ئەو کاتە سواری گاجوتێکیش نەبوە لەترسان و لەدەرونیدا هەمو گیانی دەلەرزێ، بەڵام هیچ بەسەر خۆی ناهێنێت و دەڵێت: من زۆر شەڕم کردوە و زۆر لە ئەسپ گلاوم، بۆیە پیویستە جوان لەسەر ئەسپ بمبەستنەوە، ئەوانیش جوان کەر ئەحمەد شەتەک دەدەن و ئەسپەشیت خێرا بەئاڕاستەی دوژمن وەکو فیشەک ڕادەکات، کەر ئەحمەد لەسەر ڕێگای خۆی بۆ ئەوەی ئەسپەکە بوەستێنێت پر دەداتە درختێک، بەڵام درەخت لەڕەگەوە دێتەدەر، سوپای پاشا و دارودەستەی کەر ئەحمەد کە ئەو دیمەنە دەبینن دەخرۆشێن و بەشوێن کەر ئەحمەددا ڕادەکەن بەرەو تێکشکاندنی سوپای دوژمن، دوژمنیش کە ئەو دیمەنانە دەبینێت، بەجارێک

ورەی دەڕوخێت و شپرزە و پەرتەوازە دەبن و تێکدەشکێن، پادشایش دوای ئەو سەرکەوتنەی کە پاڵەوان ئەحمەد تۆماری کرد، بڕیاریدا وەکو پاداشت بیکات بەزاوای خۆی و پاش چەند ساڵێک پادشا نەخۆش دەکەوێت و وەسیەت دەکات کە پاڵەوان ئەحمەد جێنشینی ئەوە، دوای مردنی پادشا پاڵەوان ئەحمەدی ئێستا و کەر ئەحمەدی جاران دەچێتە سەر تەخت و تاج و تەختی پاشایەتیی پێ دەبەخشن.

لایەنی تەنزەکەی ئەم چیرۆکە میللییە ئەوەیە کە زۆر کەس لەناو کۆمەڵگەی نەفام و دواکەوتو لە قەبارەی خۆی گەورەتر دەکرێت، ئەو شتەی پێدەدرێت کە زۆر کەمتر لەوە قابیلییەتی، ئەوەتا کەر ئەحمەدێکی ترسنۆک و زەلیل لەبەردەستی ژنەکەی، بە چەند هەڵکەوتێک و تۆزێک بەخت و ئیقباڵی چاک دەچێتە سەر تەختی پاشایەتیی و دەبێت بە پادشا.

**ب) نوکتە:** بابەتی نوکتە و قسەی خۆش بەشێکی گرنگی تەنز پێکدەهێنێت و لە ڕۆژنامەنوسیی ئەم قۆناغەدا زۆر گرنگی پێدراوە، نوکتەکانیش هەر بەبێ هۆ بڵاونەکراونەوە، بەڵکو پەیوەستن بەم بارودۆخ و ڕوداوانەی لەو سەردەمەدا ڕویانداوە، ئەمەش میزاجی خوێنەری ئەم قۆناغەی خۆشتر کردوە، ئەم نوکتانەش لەژێر ناوی جیاجیادا بڵاوکرانەوە، بۆنمونە لە ڕۆژنامەی (پیشکەوتن)دا هەندێک جار لەژێر ناوی (قسەی پڕوپوچ)دا و هەندێک جاریش لەژێر ناوی(قلی و بلی، یان (ق.ب.)دا بڵاوکراوەنەوە، لە ڕۆژنامەی (ژیان)یشدا لەهەندێک شوێن بە ناونیشانی(قسەی حەلەق و مەلەق) و لە هەندێک شوێن بە (فکاهات) بڵاوکراونەتەوە، لەگۆڤاری (زاری کرمانجی)دا بەناوی(بۆ نەختێک پێناکەنی؟) و لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)شدا لەژێر ناوی (بۆپێکەنین) و (کەمێک پێبکەنە) دا بڵاوکراونەوە،هەروەک لە گۆڤاری (گەلاوێژ)یشدا گۆشەیەک هەبوە بەناوی (بۆپێکەنین) کەتێیدا ئەو نوکتانە بڵاوکراونەوە بەزۆریی کە مەبەست و ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەبوە.، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێنەری ئەم قۆناغە زیاتر بەو بابەتانە پێکەنیون و جێی سەرنجیان بوە کە بابەتی کۆمەڵایەتین. لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینەڕو:

- ئاغا: کەرە پێم نەوتی سەعات (١٠) هەڵمسێنیت!
- خزمەتکار: ئاخر قوربان نوستبویت، نەموێرا هەڵتسێنم.(گۆڤاری گەلاوێژ: ٤٣:١٩٤٠).

قازی: کە ئەو کیسە پارەیەت دۆزییەوە بۆ نەتگەڕاندەوە بۆ پۆلیس؟

دز:قوربان شەو درەنگ بو.

قازی: ئەی بەیانی بۆ نەتدایە؟

دز:قوربان هیچی تیانەمابو. (گۆڤاری گەلاوێژ:١٩٤٠: ٤٤).

منداڵێک بە نەنکی دەڵێت: نەنە دەتوانی ئەم دەنکە بستەیەم بۆ بشکێنی؟

نەنکی دەڵێت: نا کوڕم، دانم کوا؟

منداڵ: دە ئەو مستە بستەیەم بۆ هەڵگرە. (سەرچاوەی پێشو).

### ٣- چیرۆکە شیعر:

لەنێوان شیعر و پەخشانیشدا کۆمەڵێک بابەتی تەنزی کۆمەڵایەتیی لەلایەن شاعیرانەوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغەدا بڵاودەکرانەوە کە بە ناوەڕۆک چیرۆک و بە ڕوخسار شیعر، یان (هۆنراوە)بون، ئەویش چیرۆکە شیعری تەنز ئامێزبون، هۆکاری نوسینی ئەم چیرۆکە شیعرییانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێنەر و خوێندەواری ئەو سەردەمە زەوق و

سەلیقە و نێوانیان لەگەڵ شیعردا خۆشبوە و شیعر ژانرێکی ئەدەبیی جێکەوتوبوە، بۆیە چیرۆکیشیان هەر بە شێوەی شیعر نوسیوە.

نمونەی چیرۆکە شیعری تەنزئامێز زۆرە، وا لێرە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

لە ژمارە(٣٩)ی ڕۆژنامەی ژیاندا چیرۆکە شیعری تەنزی (طماعکاری) بڵاوکراوەتەوە(نەناسراو: ١٩٢٦:٤) هەر لە هەمان ڕۆژنامە و ژمارە(٢٨)دا چیرۆکە شیعری(دوژمنی عاقڵ و دۆستی بێ عاقڵ)بڵاوکراوەتەوە(علی عارف: ١٩٢٦:٤)، دواتر (پیرەمێرد) بەسەرهاتێکی تەنز ئامێزی(مەلای مەزبورە)ی بەشیوەی شیعر داڕشتۆتەوە و بە ناوی (بالۆرە)یەوە لەڕۆژنامەی ژین بڵاوی کردۆتەوە (پیرەمێرد: ١٩٤٤: ٣)هەروەها لە ژمارە(٥)ی بەرگی (٤)ی ساڵی (١٩٤٥) لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە چیرۆکە شیعری (ڕاوی سەماوەرە شکاو)ی (علی شەوقی) بڵاوکراوەتەوە(عەلی شەوقی: ١٩٤٥:٤٤٢).

لێرەدا چیرۆکەشیعری (پیرەمێرد) بەناوی (بالۆرە) وەکو نمونە دەهێنینەوە، دەڵیت:

مەلای مەزبورە چوبوە سەرداری لقێکی ئەبڕی بیکا بە بـاری
ئەیویست ئەو لقەی خۆی وا لەسەری لەبندا ببڕێ، عەقڵی وای بـڕی
ڕێبوارێ پێی وت: مەلای سەرداری ئەو لقە ببڕی ئەکـەویـە خـواری
مەلا لێی نەبیست، سا ئەو بەرێ بو ئەم لەگەڵ لقدا سـەرەنگرێ بو
کە کەوتە خوارێ وتی ئەم پیاوە لە غەیب ئەزانێ(وەلـی) تـەواوە
ڕایکرد چو پێی وت، کەرامەتداری تۆ کە زانیت من ئەکەومە خـواری
هەڵبەت ئەیشزانی کە من کەی ئەمر توخـوا پێم بڵـێ لەبـەرت مـرم
وتی عومری تۆ پێت بڵیم چەنـدە؟ بە سێ بای زگی ئەم کەرە بەنـدە
منیش بەوانەی کە کۆبۆن ئەکـرن ئەڵێم لقـی ژێـر خۆتـان ئەبـڕن
میللەت دارێکە کـە سێبـەرداره چۆن لق و پۆپی ئەشکێ ئەو دارە؟
دەستی داد زۆریان ئەخاتە خوارێ کەچی عار نانێن بە کەوتنی جـارێ
واچاکە بە داخ نیشانـەیـان کـەن کە عاریان نەنا، ڕەوانەیـان کەن (پیرەمێرد: ١٩٤٤: ٣)

هەروەکو دیارە (پیرەمێرد) ئەو پەندە تەنزئامێزەی مەلای مەزبورەی بۆ ئەو بازرگان و کڕیایانە هێناوەتەوە کە بەهۆی کڕینی کۆبۆنەوە فێڵ لە میللەت دەکەن و بەهۆی بەسەرهاتەکەی مەلای مەزبورەوە پێیان دەڵێت کە خراپە و فێڵ و تەڵەکەبازیی ئەنجامێکی باشی نابێت و لێپرسینەوەی لەسەرە، لە نەزانی و گێلیش بە مەلای مەزبورەیان دەچوێنێت، بەوەی کە فێڵ لە میللەت ناکرێت، چونکە میللەت ئەو لقە درەختەیە کە لەسەری، بەبڕینی وەکو بەسەرهاتەکە دەگلێی و دەکەویە خوارێ.

## ئەنجام

دوای نوسینی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامەی کە:

١- تەنز کۆمەڵایەتیترین چالاکی دەرونییە، تەنزی کۆمەڵایەتیی بەربڵاوترین جۆرییەتی.

٢- سەرەڕای نوسینی تەنز بەشێوەی شیعر و پەخشان، چیرۆکە شیعری تەنز ئامێزیش لەم قۆناغەی ڕۆژنامەنوسیی باشوری کوردستان زۆر باوبوە.

٣- لە ڕۆژنامەنوسی ئەو قۆناغەدا سەرەڕای بڵاوکردەوەی شیعری تەنزئامێزی شاعیرانی ئەو سەردەمە، وەکو (پیرەمێرد و قانیع و مەدهۆش) چەندان شاعیرتر، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی شیعری تەنزئامێزی شاعیرانی پێشتریش دراوە، وەکو(سالم و شێخ ڕەزا) و چەندانی تر.

٤- پەندەکانی پیرەمێرد گرنگترین ڕەهەندیان تەنزە، پڕن لە تەنزی کۆمەڵایەتیی.
٥- نوکتەش وەکو بابەتێکی دیاری تەنز لە ڕۆژنامەنوسی ئەم قۆناغەدا زۆر گرنگی پیدراوە، بابەتی نوکتەکانیش بەزۆری کۆمەڵایەتیی بون و لەژێر ناوی جیاجیای وەکو (قسەی پڕوپوچ)، (قلی و بلی)، (قسەی حەلەق و مەلەق)، (فکاهات) و (بۆپێکەنین) و چەندان ناوی تر بڵاوکراونەوە.

## سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز، وەرگێرانی هەژار موکریانی(١٣٧٩هـ.ش): نشر احسان.
- ئەحمەد تاقانە(٢٠٠٧): ڕۆژنامەی کەرکوک، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- پیرەمێرد(١٩٤٤): بالۆری: ڕۆژنامەی ژین، ژمارە(٧٤١)، سلێمانی.
- پیرەمێرد(١٩٤٤): پەندی پیشینان، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە(٧٤٧)، سلێمانی.
- پیرەمێرد(١٩٤٥): پەندی پیشینان، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە(٧٩٣)، سلێمانی.
- تۆفیق وەهبی بەگ(١٩٤٤): چیرۆکی کەر ئەحمەد: کۆواری دەنگی گێتی تازە، ژ.(١)ی بەرگی دوەم.
- د.جبار ئەحمەد حسێن(٢٠١١): بینای ساتیرا لە کورتەچیرۆکی کوردیدا، کوردستانی عێراق(١٩٧٠ – ١٩٩٠) بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- حەمە ساڵح فەرهادی(١٩٨٨): چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.
- حەمەسەعید حەسەن(٢٠١١): کاریکاتێر بە وشە – ساتیر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ڕەفیق ساڵح – سدیق ساڵح(٢٠٠٠): گۆڤاری نزار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی
- ڕەفیق ساڵح – سدیق سالح(٢٠٠٤): ڕۆژنامەی ژیان، بەرگی سێیەم، بنکەی ژین، سلیمانی.
- سدیق ساڵح – ڕەفیق ساڵح (٢٠٠٧): ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی(١٩١٨ -١٩١٩)، بنکەی ژین و دەزگای ئاراس، سلێمانی.
- سدیق ساڵح- ڕەفیق ساڵح – عەبدوڵا زەنگەنە(٢٠١٠) کۆواری دەنگی گێتی تازە، دەزگای ئاراس و بنکەی ژین، چاپی یەکەم.
- سدیق سالح- ڕەفیق ساڵح – عەبدوڵا زەنگەنە(٢٠١٦): گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.
- شێخ محمدی خاڵ(٢٠٠٥): فەرهەنگی خاڵ، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ٢، هەولێر.
- عەبدوڵلا زەنگەنە(٢٠٠٥): ڕۆژی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی.
- عەلی شەوق(١٩٤٥): ڕاوی سەماوەرەشکاو، کۆواری دەنگی گێتی تازە، ژ.٥ی بەرگی ٤.
- علی عارف(١٩٢٦): دوژمنی عاقڵ و دۆستی بێ عەقڵ، ڕۆژنامەی ژیان، ژ.٢٨.
- علی نانەوازادە(٢٠٠٥): فەرهەنگی هەرمان- ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- غەفور ساڵح کەریم(٢٠٠٥): دیاری لاوان و یادگاریی لاوان: بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، چاپی دوەم، سلێمانی.
- فاروق عەلی عومەر(٢٠٠١):و.طارق کارێزی، ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە عێراقدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- فایق هۆشیار و چەند کەسێکی تر(٢٠٠٧): سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، چاپخانەی شڤان، چاپی دوەم، سلێمانی.
- قانیع(١٩٤٥): من و فلس، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە(٧٨٥)، سلێمانی.
- د.کەمال مەزهەر(١٩٧٨): تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.
- د.کوردستان موکریانی(٢٠٠١): ڕوناکی... یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، دەزگای ئاراس.
- د.کوردستان موکریانی(٢٠٠٢): زاری کرمانجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- گۆران عبداللە احمد (٢٠١٥): تەنزە ئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، باشوری کوردستان (١٩٩٧ – ٢٠٠٧) بە نمونەی گۆڤارەکانیی (سیخوڕمە و مەلای مەشهور و گەپ)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی.
- ماجد مەردۆخ روحانی (1388 هە.ش)، فرهنگ (فارسی – کردی) دانشگاه کردستان، نشر دانشگاه کردستان، چاپ اول، سنندج.
- ممتاز حەیدەری(١٩٨٥): مستەفا شەوق و پەیڕە، ئەمینداریەتیی گشتیی و ڕۆشنبیریی لاوان، هەولێر.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین(٢٠١٣):، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دوەم، بەرگی یەکەم، بەرگی دوەم، دارالعربیە للعلوم الناشرون.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین- ڕەفیق ساڵح(٢٠٠١): دیاری کوردستان(١٩٢٥-١٩٢٦)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- هەژار (1385 هە.ش)، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چاپخانەی سروش، چاپی پێنجەم، تاران.
- هەڤاڵ ئەبوبەکر(٢٠٠٧): چەشنە ئەدەبیی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆژنامەی (ژیان و ژین)دا(١٩٣٢-١٩٥٠)، بنکەی ژین، سلێمانی.
- د.هیمداد حسێن(٢٠١٠): ڕۆژنامەوانیی کوردی(گۆڤاری هەولێر(١٩٧٠ – ١٩٧٢)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریی و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ک)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
- نەناسراو(١٩٢٦): تەماعکاری، ڕۆژنامەی ژیان، ژ.٣٩.

- نەناسراو (١٩٤٠): قسەی خۆش: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ.٤، ساڵی یەکەم.
- نەناسراو (١٩٤٠) قسەی خۆش: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ.٦،٥، ساڵی یەکەم.
- اکرم آلبویه(١٣٩١هـ.ش): بازتاب طنز در شاهنامه، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه سمنان.
- آرتور پلارد، مترجم:سعید سعیدپور(١٣٩٨هـ.ش): کتاب طنز، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران.
- جان موریل (١٣٩٢هـ.ش)، ترجمه: محمود فرجامی/ دانیال جعفری: فلسفه طنز، نشر نی، تهران.
- جواد دهقانیان(١٣٨٦هـ.ش): بررسی محتوا و ساختار طنز در نثر مشروطه، پایاننامه دکتری زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه شیراز- دانشکده ادبیات و علوم انسانی.
- د.حسن انوری(١٣٨١هـ.ش)، فرهنگ سخن، انتشارات سخن، جلد(٥)، تهران.
- د.حسین بهزادی اندوهجردی(١٣٧٨هـ.ش): طنز و طنزپردازی در ایران، چاپ اول، نشر صندوق، تهران، ص٥١)
- د.حسن جوادی(١٤٠٠هـ.ش) تاریخ طنز در ادبیات فارسی، چاپ دوم، انتشارات مروارید، تهران.
- رخساره جعفری(١٣٨٩هـ.ش): طنز در مثنویهای عطار، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه زنجان.
- عبدالحسین زرینکوب(١٣٦٣هـ.ش.): شعر بی دروغ، شعر بی نقاب: سازمان انتشارات جاویدان، چاپخانه زیبا، چاپ چهارم.
- علی اکبر دهخدا(١٣٧٧هـ.ش): لغتنامه دهخدا،جلد١٠، چاپ دوم، موسسه چاپ و انتشارات دانشگاه تهران.
- مریم شاد محمدی (١٣٩٠ هـ.ش): طنز، هجو و هزل در ادبیات داستانی معاصر، پایاننامه دکتری،دانشگاه آزاد اسلامی – واحد تهران.
- محمدامین زکی بیگ(1381 هـ . ش)، ترجمه: یدالله روشن اردلانی، زبدهء تاریخ کرد و کردستان، انتشارات توس، چاپ نخست، تهران.
- محمد تمدن(١٣٥٠هـ.ش): تأریخ ایران در جنگ اول یان تأریخ رضائیه،انتشارات تمدن- اسلامیه، تهران.
- محمدرضا اصلانی(١٣٨٥هـ.ش): فرهنگ واژگان و اصطلاحات طنز، چاپ اول، انتشارات کاروان، همدان.
- محمد حسین کرمی، زهرا ریاحی زمین، جواد دهقانیان(١٣٨٨هـ.ش.)، پژوهشی در تئوری و کارکرد طنز مشروطه، پژوهشهای زبان وادبیات فارسی، شماره ١ .
د.محمد حکیم آذر(١٣٩٤هـ.ش): تأملی در محتوای اجتماعی طنز عبید، مجله پژوهشهای نقد ادبی و سبک شناسی، شماره(٢).
- د.محمد معین (١٣٨٦هـ.ش): فرهنگ معین، چاپ چهارم، انتشارات ادنا، تهران.
- د.نصرالله شاملی(١٣٧٧هـ.ش): ادبیات طنز و جاحظ، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، شماره ١٤٨ .
- یحی آرین پور(١٣٧٢): از صبا تا نیما، جلد دوم، چاپ پنجم، انتشارات زوار، تهران.
- ابن منظور الافریقی المصری(٢٠٠٥): معجم لسان العرب، مجلد التاسع، طبعة الرابعة، دار صادر، بیروت.
- د.ایمن عبدالرزاق الشوا(٢٠١٠): مختار الصحاح، طبعةالاولی، دارالفحاء للنشر و التوزیع، دیمشق.
- د.خلیل الجر(١٩٧٣): المعجم العربی الحدیث لاروس، انتشار مكتبة لاروس، باریس.
- لویس معلوف(٢٠٠٢): المعجم المنجد فی اللغة، طبعة التاسعة والثلاثون،دارالمشرق، بیروت.
-Cambridge dictionary(2000): Cambridge university press.
- John Peck, Martin Coyle (2002): Literary Terms and Criticism, Third Edition, Published by Palgrave Macmillan.
- Longman dictionary (2009): Fifth Edition, Pearson Longman presses.
-Martin Stephen (1986): Introductory Guide to English Literature, Third Impression, Published by Oxford University press.
- Oxford dictionary (2010): Eighth Edition, Oxford University press.